Franz Boas
Stability of Culture
Translated by: Sabah Yassin

**سەقامگیری کولتور**

**کۆمەلگایەك کە بە دابڕاوی گوزەران دەکات پابەندی ئەو مەرجانەی دەبێت کە ژینگەکەی رەخساندویەتی، نەبوو هەڵبژاردنی ژنخوازی لە دەرەوەی خویاندا، نەوە دوای نەوە وا دەکات کە لەشیان شێوازێك راگیراو وەرگرێت. ئەم بارە وەها دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی کە هاندەرێك کاریگەر پەیدا دەبێت و هەیکەلی کۆمەلایەتی ژیانی ئەقلی دەگۆرێت، کولتوریش پارێزەی رەوای بونی خۆی بەهەمان شێوە رادەگرێت. بۆ نموونە، هۆزە دەشتیە دابراوەکان لای خویان و ئێمەش خۆ راگر دەردەکەون، لەبەر ئەوەی مەرجی شێواندن زۆر خاوە و لە پرۆسیس کولتور گۆراندا.**

**لەدەمێکی زۆر لەوبەردا، پێدەچێت کە رادەی گۆرانی کلتوری مرۆڤایەتی ئەوندە لەسەرخۆ بووە کە هەستی پێنەکراوە. مێژوویی مرۆڤ کە دروستکەری ئامراز بووە ، بۆ 150 هەزار سالٚ کەم و زیاد دەگەرێتەوە، زۆربەی ئامرازی ئەو دەکانە لە بەردی ئاسایی بوون و لە ژێر ئەرزدا دۆزاراونەتەوە. بەشیوەی ئاسای داتاشراون و بۆ زیاتر لە 30 هەزار سالٚ گۆرانێکی ئەوتۆیانە بەسەردا نەهاتووە. ئەو شێو نەگۆڕدراوە بەردەوامە لە ئاژەڵدا بەدی دەکەین، لەکاتی ڕاڤەکردنماندا ناوی زگماکی لێدەنین. ئامراز دروستکردن لە لایەنی مرۆڤەوە لەو دەمانەدا، کە بە شێوازێکی بابەتی بوّی دەڕوانین، سیمایەکی زگماکی هەیە، هەروەك چۆن زگماگی لای هەنگ و مێلورە دەردەکەوێت. بەرهەمهانینەوەی هەمان ئامراز بەبێ گۆراندن، نەوە بەدوای نەوە، هەستی بوونی زگماگی بریاردراوی بایولۆژی دەخولقێن. ئێمە تائێستا نازانین ئەو بۆ چوونە لەجێی تەواوە، لەبەر ئەوی ناتوانین بلێن نەوان چەند نەوە بەدوای یەکدا لە باپیرەکانیانەوە فێر بوون. ئاژل هەروەك تەیرو شیردەرەکان تەنها لەرێگەی بوونە زگماکیەکەیانەوە هەڵسوکەت ناکەن. ئەوان لەرێ لاسایی و سەیرکردنیشەوە فیر دەبن. ئەسپ و سەگ لە رێ وشەو دەنگەوە فیردەبن و کاردنەویان هەیە. چولەکەی ئینگلیزی کە بەدوای کەناری دەکەون فیری گۆرانیەکانی دەبن کە بە ئاواز ناودەبرێن. پاپەگویە فێر دەبێت کە لاسای دەنگی تر بکاتەوە. مەیومن فێری بەکاربردنی دار و بەرد ئەبێت و وەك ئامراز بەکاریاندەبات.**

**گونجاو دەردەکەویت کە مەرجە سەرەتایەکانی ژیانی مرۆڤ چونیەك بێت، گەرچی لەدۆزینەوەکانی پێشوتردا ،جیاوازی دەبینرێت. لەکاتێکدا لەهەندی ناوچەدا شێوەیەکی شینە بەردە تەنك و تیژ بەکارهاێنراوە و لە ناوچەیەکی تر بەردکە جێی دەستی هەبووە. مێنگین کە لەسەردەمی بوسەدا ژیاوە، وابۆی دەچێ، کولتور ئێسك بەکاربردن، لە ناوچەکانی ئارتیکی ئاسیا دامەزراوە و کولتوری شینکە بەردر لە خۆرئاوای ئاسیا نەقەقاریکراوە و تەلاشە بەردی شینکەیش لەهندستان دامەزراوە.**

**لەمکاتەدا کە ئێمە زیاتر لەسەردەم نزیك دەبینەوە، کاریگەری پرۆسێسی فیربوون زیاتر و زیاتر لامان بورهان دەبێت. هەر لەو پرۆسێسەسدا، جیاوازی ئامرازەکانیش زیادبوون. هەموو هەرێمەکان بەهەمان شیوە نەگۆردراون، هەروەها کاتێك لە هەلسوکەوتی مرۆڤەکانی ئەو دمانە لە مەدای هەزاران سالّی جودایان دەکۆلینەوە، گۆران ئاشکرا دیارە کە روویداوە.**

**لە کۆتایی چاخەکانی بەسەتلەکدا، جیاوزی لەشێوەی بەرهەم هانینی کالاو والادا زۆر گەور و بەر فراوانتر بووە، هەروەك چۆن لە ناوەندی هوزە دەشتەیەکان ئەم سەردەمەدا بەدی دەکرێت. هیچ هۆیەك نیە، کە ئێمە وهالێکی دەینەوە، کە بۆچی مرۆڤ لە کوتایی چەرخەکانی بەستەلەکدا، بۆ نموونە مەگەدیلیانس، لە ئاسکیمویەکانی ئەم سەردەمە سەرتایی تر ژیابێتن.**

**لەگەلّ دەسپێکی ئێستا جیولوجی(ئەرزی) لەم چەرخەدا، چالاکی ناوچەیەکان و کۆمەلایەتی مرۆڤ لەرادەبەدەر بەرفراوان بوون. گورانکاری لە سەرەتادا ماوەی 10 هەزار سالیان بردوە، دوای ئەو دەمانە، رێژەی گۆران هەزار سالی بردوە، ئیستا ئەو گۆرانە لە سەد سالدا روودەدات و بەردەوام شێوەی گۆڕان زاوزی دەکات.**

لەگەڵ دەست پێکی مێژوو و لە سەردەم نزیك بوونەوە، رادەیی سەقامگیری کولتور کەمتر بۆتەوە و گۆران تیژ رەوتر بوون. لەم دەمەدا تازەشدا، پرۆسێسی گۆرانکاری زۆر تیژتر تێدەپەرێت. نەك تەنها لەبەرهەمهانی کەلوپەلی شارستانییەیتدا ، بەڵکو فۆرمی بیرکردنەوش سەردەمیش تیژی دەگۆرێت.

هەر لەسەرتای کاتەوە، تیژ رەوی گۆران تێکرای لەزیاد بووندایە.

تێکرایی گۆران لەکولتوردا، بەهیچ واتەیەك یەك شێواز نییە. لەوانەیە ئێمە لەرەچاواکردنی، سەردەمە سەقامگیرەکان بۆنموونە بەبەراورد وەرگرین، بە دوای سەردەمێکی هێوەربوونەوەدا، سەردەمێکی تیژی گۆران هاتووە. خێڵە جەرمەنیەکان کە لە کۆتایی چاخە کۆنەکاندا کۆچی گەورەیان دەستپێکرد، گورانێکی بنەرەتی هانیە ناو کولتور و ئاخافتنەوە. بەدوای ئەوەدا چاخی پتەو کردنی ئەو گۆرانکاریانە دوایکەوت. عارەبەکان کە سەروی ئەفریقایان داگیرکرد، شارستانیەتی کۆنیان تێکدا و شێوازیکی تر هاتە کایەوە. کولتوری توانەوە دەشێت لە ناوەندی هۆزە دەشتیەکاندا ڕەچاوکرێت، هەرچەند ئێمە تێگرایی گۆران نازانین، زۆرکات بورهانی ناوخویی پەلە لەخۆ گونجاند بۆ ئەو ئاستی گۆڕاندنە دەبینرێت. گۆران لە زماندا کە لە ماوەیەکی سەقامگیر و تیژ ڕویدا روویداوە، رەچاو دەکرین. گوازتنەوە زمان لە ئەنگلو-سەکسۆن و نۆرمانەوە بۆ ئینگلیز تیژ روویداوە. بەڵام لەوساوە زمانی ئینگلیز بەرادەیەك هێواش گەشەیکردوە. هەمان چاخی تێکدان و دارشتنەوە لە زمانی فارسی ئەمرۆدا ڕوویداوە.

تیژە گۆرانی نائاسایی کولتوری دەشتیەکان بە کاریگەری شارستانیەتی ئەوروپی روویداوە. کاتێك کە بەتەواوەتی کولتورەکەیان لەناو نەدرا، بە پەلە خۆیان بە شێوەیەکی تازە گونجاند. کولتوری هندیە مۆدێرنەکانی مەکسیك و پیرۆ، نموونەیەکی ئەو گونجاندنەن. هەندێك لایەنی کەرەسەیی کولتوریان بەزەرکەفتی دینی کاسولیکی پۆشی تا لە شالاویی کولتور و شارستانیەتی ئیسپانی مەزن خۆ بپارێزن. بەو شێوەیە لەرێگای خۆ ڕاگرتن و گونجاندن توانیان بمێنەوە. بەم شێوەیە، شێوازێکی هاوسەنگ لەیەکدراوی کولتوریان بەرهمهانیبوو. ئەم لەیکدانە کولتوریە ئاشکرا دیار نەبوو تا ئەو کاتەی لێکۆڵەوەرە و بەشدارە چالاگەکانی جیهانی لەو تێکەڵە گەشەسەندوی کولتوری بەرهەمهاتووەیان راوەشاند. هۆزیی پێوبوڵی مەکسیکی تازە ⋆ کە نموونەیەکی زیندوی بەئاگایانەوە، ئەوەندەی بۆیان کراوە خۆیان لە ئەدەکریا خۆیان لە شێوە ژیانی ئەمەریکی دابریوە. پێوستی ژیانی رۆژانەیان بەهۆی بەرهەمە ئەمەریکیەکانەوە رێکخراوە. شتومەکی چنین، شوشەی دەرگاو پەنجەرە دروستکردن، کشتوکاڵ بەرهەمهانین، قەنەفەو کورسی ناوماڵ بەکاربردن، رۆژ شەمان، بۆ کەنیسەی کاسولیك چوون و یادی قەشەکان و چەژنەکان، هەر هەموو ئەوانە لە فۆرمی ژیانی دێریندا توێنراونەتەوە و کراون. هەروەها شێوازە خانووکردنی دێرین و هەندێك لە جلوبەرگی پێوبوڵی، گەرمەشامی بەدەستاڕ ورد کردن و نان بە تەنکورِی ئیسپانی دێرێن هەربەردەوامیان پێدابوو. لەیەکدانی ئاینی دێرین باپیران و کاسولیکی گونجێنراو چەژنەکانی هاوشان بەیەك دی بەردوام هەبوو. ئەم بوونە دوولایەنیە، هەستێکی نابەجێ لە ناخدایاندا نەخولقاندبوو. بەڵام کاتێك مەرجی هاوسەنگی گشتی ژیان دابراوی ناتوانێت لەبەردەم گورانە تازەدا خۆ بگرێت، لاوەکان ناچارن دەبن کە خۆ بە جۆرێکی تر بگونجێن ئا لەویادا مەرجێکی تر بەدوایدا دێت.

کولتور رەش پێستە ئەمەریکیەکان بەخێرایەکی زۆر سەرسورهێنەر گۆڕدرا. هەر لەدوای ئەوەی بۆ ئەمەریکا وەك کۆیلەیەك بردیانن. ئابووری ئەمەریکی زوو بە زوو لوشیدان و زمان و بڕواو نەریتی خویان لەدەستدا. دکتۆر پەرسون، دکتۆر هێرسکوڤیتس و خانم زۆرا هەرتستونگ لە لێکۆڵینەوەکانی کە لەگانیای هوڵندی لەئەمەریکا خوارووەوە بەرەو ئەمەریکای سەرو کردویانە، پیشانیان داوە کە کولتوری قولەکان کەمتر و کەمتر خۆی ڕاگرتووە. قولە بوشەکانی سۆرینامە لە ناوچەکانی خۆرارەوە کە دابراو بوون تا رادەیەك هەندێك لە کولتوری ئەفریکایەکەیان پاراستووە، بەڵام قولەکانی کە لە شارەکانی سەروی ئەمەریکا دانیشتوون، هەروەك سپی پێستەکانی دراوسیان لێهاتووە، بێ لەو بەربەست کۆمەڵایەتی ناوەندیان کە دەرئەنجامی جیاکردنەوەی سەیرو سەمەرەی لێکەوتۆتەوە.

سەرەڕایی ئەوانەش، ئێمە لەهەندی رووە رەچاویی باری سەقامگیری کولتوری دەکەین، هەرچەندە کۆمەڵگای مۆدێرن لە زۆر رووەوە بەگوراندکاریەکی تیژدا تێدەپەرِێ. لەکەسایەتی شارستانی ئێمەدا، کێشە لەناوەندی پارێزەری نەریتخوازی نەگۆردا و رادیکاڵی هەڵپەکەردا کە

ڕێز لەرابردو ناگرێ و بەپەرەیشەوە لەهەوڵێدایە کە داهاتوویەکی ئەقڵانی لەبەر ڕۆشنایی ئایدیاڵەدا دارێژن، هەیە. ئەم کێشە و ململانەیە لە دەزگاکانی خوێنددا، یاسادا، تێوەریە ئابووریەکاندا، دین و هونەردا ڕەچاوکرێت. مەشقدان بەپێچەوانەی سەربەستی زەوتکردن، بەدەردجە دووکردنی کۆمەلایەتی بەپێچەوانەی تاك سەربەستکردن، سەرمایەداری بەپێچەوانەی سوسیالیست، خەملێوی(دۆگما) ئاینی بەپێچەوانەی بڕوای سەربەست، چەسپاندنی فۆرمی هونەری بەپێچەوانەی جوانی(ئیستسیك) بابەتی کە تاك ئارەزوی دەبڕێنیەتی، هەنێك لەمانە بەشن لەو کێشانەی کە هەن. بوونی ئەمانە بەیەکەوە تەنها لەکولتوری تیژ گۆڕاودا دەشیێت، کۆن هاوشانی تازە بەیەکەوە دەگرێت گوزەران بکەن.

ئێمە خویەکمان هەیە، توانای کولتوری رەگەزی بە بەدەستهێنان دەپێوین. ئەمەش لەسەر تیژ گوراندن دەردەخات. لەو پێوانەیەدا ڕەگەزەکانی کە تیژ گۆڕاون بە گەشەسەندو لە قەڵمدەدەین.

لەبەر ئەو هۆیانە، گرنگە لەمەرجەکان سەقامگیری و گۆڕان دەرەخەین و خوێندنەوەمان بۆیان هەبێت تا بزانین کە ئایا گۆران لەبنەرەتدا کولتوریە یان بڕیاردراوە.

ڕەفتارێك کە لەبنەڕەتی بڕیار دراوە بە زگماك ناو براوە. کاتێك ساوایەك دەگری و پێدەکەنێ، دوایش کە پێدەگرێت، ئەو ڕەفتارانە بەم شێوەیە زگماکین. هەناسەدان، جووین، پاشەکشێ لە شالاوی کوتوپڕ لەدژی هەست و نزیکبوونەوە لە بابەنی ئارەزو وابڕوا دەکرێت کە لەبنەڕەتدا بڕیاردراوبن. ئێمە پێوستمان نیە کە فێر بکرێن. زۆربەی ئەوکارانە بۆ بەردەوامی ژیان پێویستن. ئێمە قەد ناتوانین هۆکارە دەمودەستیەکان بەجێگەیاندی فەرمانەکان بژمێرین کە لەبنەڕەتدا بڕیاردراون. چونکە خودی ورياکەرەوە لەکاتی پێویستادا ئامادە دەبن، ئێمەش ڕاستەوخۆ کاردانەوە بۆیان دەبیت، بێ ئەوی بە ئاگابین. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك جار کاردانەوانەکان هێوەردەکرێنەوە یان خەپەدەکرێن بێ ئەوەی ئێمە بەئاگایەوە ڕەزامەندبین. لەو دەچێت، بەمشێوەیە فێری ترس تێپەڕاندبین. ئەگەرچی ئەمە گرانە بەجێگەیاندنی، بەڵام مەحاڵ نیە کردنی.

ئەزموونە بنەرەتیەکان، وا لە ئێمە دەکەن کە ڕاستەوخۆ وا هەڵسوکەوت ڕەچاوبکەین، کە لەناکاو ڕوودەدەن وەك ئەوی کە زگماکبن. ئەمە هەڵەیە، چوونکە ئەو خوانەی کە لە کۆرپەیی و منداڵیەوە بەسەر ئێمەدا سەپێنراوە هەمان سیمایان هەیە. ئەو سیمایانەن کە بڕیاری شێوازی چالاکیەکانی ئێمە دەدەن، هەرچەندە ئەوانە هەیکەلی بنچینەیی ئورگانیزمی ئێمە پێکدەهێنن. ئێمە پێویستە ئەو شێوازە تایبەتیانەی کارکردنمان بناسینەوە کە کولتور بەسەرماندا سەپاندویەتی.

ئێمە دەبێت خواردن بخوێن تا بژین. پێوستی مانەوە، مرۆڤەکانی ناوچەی ئەرتیکی ناچارکردوە کە گۆشت خۆراکی سەرەکیان بێت. هندەکان بە سەوزە خواردن دەژین، ئەوان بۆ خۆیان ئەم خواردنەیان هەڵبژاردوە.

ئێمە کە دەڕوێن، لەبنەرەتدا قاچمان جۆرە مەرجیکی ڕۆشتن بەسەرماندا دەسەپێنێت . چۆن ڕەوتدەکەین، پەیوەستە بە، پاژنەیی پێمانەوە، فۆرمی قوندەرەکانمانەوە، شێوازی بەرگەی کە بۆمان دوراوە، چۆن شتومەك هەڵگرین، چۆن مامەڵەی ڕێگا دەکەین. لەوانەیە ڕەوتێکی سەیر بکەین. بەشێکە لەمە جەستە بریارییدەدا. بەڵام زۆربەیان لەلاسایەوە سەرچاوە دەگرن. زۆرکات ئەمانە ئەوندە دووبارە بوونەتەوە کە ئۆتۆماتیکی دەکرێن. ئەمە بوون بە ئەو ڕۆشتنەی کە دەڕۆین، ئێمە ئاسای (سروشتی) دەرۆین. ڕەوتی بەئاسای دەکەین هەر وەك زگماگێکی کار کە ئامادەیە، بەڵام هەوڵ بۆ گۆراتی خویەك بە خویەکی تر بەهەمان شێوە ڕووبەرووی گرانی دەبینەوە. کاتێك ئاگامەندی لەئاستێکدا ئۆتوماتیکیەتی لامان دادەمەزرێنێت، هەروەك زگماگیکی کاردانەوە کار دەکات.

لەهەموو ئەو بارانەدا، توانای گەشە سروشتیەکان، بەشێکن لە بزوێنە (مۆتۆڕ) خویەکان لەبنەڕتدا بڕیاردەراون. شێوە تایبەتی بزوتنەوە کە ئۆتۆماتیکیە، بەردەوم داوای خو دەکات.

لەزمان بەکاربردندا ئەم جودایە بەتایبەتی زۆر ڕوون دیارە. توانی لێدوا، لە بنەڕەدا بڕیاردراو، لەبەرئەوە دەبێت بە زگماگ ناوی بەنێن. هەرچۆنێك بێت، ئێمە چیی دەبێژین تەنها ژینگە بڕیاریدەدا. ئێمە ئەتوانین فێری زمانێك یان زمانێکی تر بین، بەگوێرەی کە چی لە

دەروربەر دەوترێت. ئێمە خو بەبزوتنی تەواوی لێو ، زمان و سەرجەمی ئۆرگانەکانی دەربرین دەگرین. کاتێکیش کە دەدوێن، ئێمە بە تەواوەتی بێئاگاین لە تەواوی ئەو بزوتنەویانە و بونیادی ئەو زمانەی کە پێدەدوێن. ئێمە بەرەنگاری لادان لە گۆکردن و بونیادی زمان دەبینەوە . وەك پێگەیشتوویەك، ئێمە لە سنوربەدەر رووبەرووی گرانی دەبینینەوە، گەر ستەم نەبێت، دوامان زمانپاراوەی تەواو و ئاشنایی هیکەلێکی تازەزمان لێدەکرێت، لەوکاتەدا کە زمانی بیانی فێر دەبین. ئێمە زمانمان وەك خو نەك زگماکی بۆ ماوەتەوە. ئەو مانەوەیەش ئۆتۆماتیکی روویداوە.

بیرکردنەوەکان و قسەکردن هاوکارن لەگەڵ ماسولکە بزواندا- تەنانەت هەندێ مرۆڤ بزوتنەوەکان بە بیرەکانەوەی لە قەڵەمدەدەن. شێوازی بزوانی ئۆرگانەکانی دوان بەهیچ شێوازێك چون یەك نین لەهەموو جێگایەکدا. کاتێك ماسولکە بزوێنەکانی ئیتالیەکان بە لغاوکراوە ئینگلیزکا بەراورد دەکەین، سەرمان دەسورمێت.

توانای بەکاربردنی ئامراز لەلایەن مرۆڤەوە لەبنەڕەدا برپاردراوە. ئەمە زگماکیە. هەرچۆنێکبێت، ئەمە ئەوە ناگەێنت کە زگماکی رەچەتەی گەشەسەندنی ئەو ئامرازنەی نووسیوە. کەمترین زانیاری لەمەڕ ئامراز گەشەکردنی، مۆرکی ناوچەیی و سەردەمی تایبەتی پێوەیە کە پەیوەستی نەریتە و بەهیچ شێوەیەکیش لەبنەرەدا برپاردراونیین. هەڵبژاردنی کەرەسە بەشێکی بە ژینگەوە پەیوەستە و بەشێکی بە دوخی داهێنانەوە. ئێمە پۆڵاو شتی ترمان بەکاربردوە. ئەفریقایەکان ئاسن، یەکێکی تر بەرد، ئێسك، یان پشتی رەقەیان بەکاربردوە. ئەو بەشەی لە ئامرازەکە بەکارهاتووە پەیوەستە بە کاری بەجێگەیاندن، ئەوانەن کە مۆتۆڕی خوی ئێمە بەرێوەدەبەن.

بەشێوەیەك ئاسایی دروستە کە ئێمە چیمان لاخۆشە یان لاناخۆشە. لەسەرتاوە ئێمە توانیومانە موزیك بەرهەمبهێنین و چێژی لێوەرگرین. زۆربەمان خۆشی لە چ جۆرە مۆزیکێك دەبینین، پەیوستە بە خوگرتنەوە. هارموونی، ریسم لەگەڵ مێلۆدی لای ئێمە هەمان شت ناگەێنن وەك ئەو چێژ وەرگرتنە کە دولایەنە کە یەك تێگەیشتنیان هەیە، گەر بەهەر شێوەیەك تێگەیشتن بەدەستهات، تەنها بەتەمرینی دوورودرێژە پێدەگەین.

هەرچیەك کە بەساوایی ولە منداڵیدا بەدەستدێت لە رێگەی خوە هەمیشەیەکان دەبنە راهاتنێکی ئۆتۆماتیکی.

ئۆتوماتیکیەت کاریگەریەکی نێگەتیفی هەیە، گرنگیش لە پۆزەتیف کەمترنیە کە ئاسان بەجێی دەگەیەنرێت.

هەر کارێك کە جیاوازە لەو کارانەی کە خومان پێوە گرتووە، یەکسەر بەرامبەری دەوەستینەوە یان بەلامانەوە سەیر و نابەجێیە، بەگوێرەی ئەو دەنگە هەستیاریەی کە بەدوایدا کارە جوداکەدا دێت کە بەشێك لە خوی لەوبەرمان نەبووە. زۆربەی کاتەکان لادان لە کاری ئۆتۆماتیکیەت بەرهەڵست دەکرێت. سەگی کە فێر دەکرێت قاچی پاشەلیمان بداتی، لەجێی دەستی ئێمە زیاتر بەو کارەی سەرمەست دەبین و پێدەکەنین. بەرگی رواڵەت کە لەسەردەمدا لەبەر دەکرێت، کە نەریتی باو بەچاوی سوك لێی نارِوانێت. هەروەك چۆن بەرگە باوەکان کە ئێستا بەسەرچووە و لەبەر ناکرێن. بەسە بۆ ئێمە بیرکردنەوە لە کراسی هوپ (کرسیکی دامێن بازنەیی ئافرەتی ئەوروپی بووە) بکەینەوە کە لەناوەراستی ئەم قەرنەدا مێنە لەبەریانکردوە، یان کراس سپی پیاوەنەی رەنگکراوە کە ئەوسا لەبەر دەکرا، گەر ئێستا ئێنە لەبەریکەین چۆن کارمان تێدەکات. کاتی ئێمە کە بەرگ دەپۆشین، پێویستە لەبەرهەلستیکان ئاگاداربین کە رەوشت وخویی باو پەسەندویانە.

زیاتر لەوانەش بەرهەڵستی ئەو بارانەیە کە هەستی بەهێزی کاردانەوە دەوروژێنێت. بۆ نموونە لە بەجێنەگایاندنی خورەوشتە دارێژراو کۆمەڵایەتیە پەسندکراوەکان لە کاتی نانخواردندا. زۆربەمان هەستیار لە پێشێلنەکردنی ئەو خوە دارێژراوانەدا. گەرچی دەزانرێت خەڵکانێکی زۆر و هۆزی جیا هەن کە خواردن بە دەست دەخۆن. ئەو خوەی ئەوان هەستی رِشاندنەوە لای ئێمە دروست دەکات، چونکە ئێمە وا فێر بووین کە بە کەوچك و چەتاڵ لە کەشێکی هێمندا نانبخۆین. بەڵام هۆزە هندیەکان خویەکیان هەیە، گەر یەکێك لە دوای نانخواردن لێو نەتەقێنێت بەسوکایەتی پێکردن، لەقەڵیمدەدن. نەتەقاندی لێویش ئەوە دەگەێنێت کە نانەکەی خۆش نەبووە. ئەوی لای ئێمە مایای قێز کردنەوەیە لای ئەوان پڕ بە پێستی خۆیەتی.

لەوانەش سەرسوڕهێنەرتر  کاردانەوەیە ئێمەیە کاتێك کە ڕەفتارە ئاساییەکان پێشێلدەکردێن. ئێمە لەو رووەوە  بەپەرۆشەوە گەواهی گۆرانی ئاشکرا دەدەین کە ئاسایی یان نائاسایی چییە.  لێکۆلینەوە  بەراوردکراوەکان کە بەدەستهاتووە دەربارەی ئەوەی ئاساییە لەسەرپای جیهاندا  چیدەگەیەنێت ، بەڵام بیری ئاسای یان نائاسایی چییە لای هەر لایەنێك لە رادەبەدەرە جودایە. بەرگی ئێستا ژنان لەبەرکردن، سیساڵ لەمەوبەر بۆ ژنانی ئەو دەمە نائاسایی دەبوو. رەشپێستەکانی ئەفەریقایی خوارو کە سڵاو لە گەورە پیاوێك دەکەن، پشتی تێدەکەن  وخویان دەچمێنەوە و بەجێدەهێڵن. هەندێك لە هندیەکانی ئەمەریکای خوارو  بە نائاسای دەزانن کە لەلەبەردەم یەکێکی تردا نانبخۆیت. شێوازی ئاسایی رەفتار هەرچۆنێك بێت، پێشیلکردنی ئاکارە نەریتیەکان بە توندی  لە زۆرکاتدا بەرهەڵست دەکرێت.

هەموو شێوەکانی هەڵسوکەوتی ئۆتوماتیکی ئەم تایبەتمندێتیەیان هەیە.  کرداری ئۆتۆماتیکی پلەیەکی زۆر نزم لە ئاگامەندی دەخوازێت لە بەجێگەیاندا. کاتێك کە بمانەوێت دژایەتی ئۆتۆمەتیکیەتی رەفتاری خۆمان کارێك بکەین، بۆخۆمان گەواهی  گرژی و خرۆشاندنێکی سەرنجراکێش دەدەین کە بەلگەیە بەرگریە لەو کردارە  کە دژی خو بەجێدەگەێنین.  ئەوەی پەیوەندی بە مۆتۆری خوەوە هەبێت،  ئەو گرانەیە  کەخوی لەسەر  بونیادنراوە بەرهەڵست دەکرێت  تا خویەکی تازەتر  جێیدەگرێتەوە. لەگەڵ تەمەن زیاتر بووندا، بەرهەڵستی گەورە تر دەبێت. لەوانەیە کە ئەمە کەمتر پەیوەندی بەبێتوانابوونەوە هەبێت، وەك  لە هۆ، کە ئێمە بەردەوام  داوای کارمان لێدەکرێت و ئێمەش کاتمان نییە تا خۆ لەگەڵ شێوازی تازەدا بگونجێنین. لە بێبایەخیدا  کە بەرهەلستی دەکەین لەوانەیە لە ترسدا بێت  کە ناشرین دەرکەوین و ترسی جدیشمان  لە کۆمەڵا هەبێت کە بمان  بوخزێنێت. بەڵام تەنها ترس نیە لە هەڵوێستی رەخنەیی کۆمەڵ کە وا لەئێمە دەکات کە بەرهەڵستی بکەین، خۆشمان بەتەواوەتی نەویستانە هاوتاین لەو بەرنگاریەدا گۆرانێن  کە باوینیە.

لێنەبووردوی حەدی ڕێرەوی کۆمەڵایەتی، زۆرکات لەسەر کاردانەوەی بەهێزی کاردانەوەیە ئۆتۆماتیکی و  هەستی خرۆشاوی داهێزران کە  بەرهەلستی لە خودی ئۆتوماتیکیەتی  کاری خۆماندا   دامەزراوە. ئەو دەمارگیرە دەرکەوتووانەی  کە لە رۆژگاردا   سزا و ئازاری بێدینەکانەکانیان دابوون, پێوستە لەو رەفتارانەوە  تاوتۆی کارەکانیان بکرێت.  ئەوسا کەنیسە دۆگمای⋆ ئاینیەکانی فێر دەکرد و بەسەر هەموو تاکێکدا بەچرپوپڕی دەیسەپاند، ئە ڕێرەوش بووەوە بەشێك لە ئۆتۆماتیکی لکارو بیرکردنەوە کە هەستێکی بەهێزی رەدانەوە لە دژایەتی ئەوانەی کە هەمان هەستی بەشداری  یاوەری نەبێت بەگەردەخات. دەستەواژەی دەمارگیر بەتەواوەتی هەڵوێستی ⋆لێکۆڵەرەو ئاینیەکان دەرنابرێت. بنچینە سایکۆلۆجیەکان  خو کە بوونەتە بیرکردنەوەی ئۆتۆماتیکی ئاستەمە بگۆڕدێت و ئەو ئاستەمیەتیەش هێڵێکی  تازەی بیرکردنەوە  ئەنجامدەهێنێت.  لەبەر ئەو هۆیەیە وەك دژەکۆمەڵ دەردەکەوێت،  ئا ئەمە تاوانەکەیە.

ئێمە لە کێشمە ئێستادا لە بەینی نەتەویەکان و نێونەتەوەیمان هەمان دیمەنمان هەیە، هاوشان بە لەیەك نەبوردن.

هەروەها لەناوەندی زانستدا هەمان شێوازیی لەیەك نەبووردن و بەرهەڵستی سەرسەختانەی  تیوەری دەکەین بێتوانایی تێپەراندتی بۆچوونی نەریتی رەچاودەکرێت.

کاریگەری هەردووك پۆزەتیف و نێگەتیف ئۆتۆماتیکی کاری دامەزراو، ئەو دەرئەنجامە دەگەێتێت کە کولتور تەواو سەقامگیرە.  هەر تاکێك بەگوێرەی رێرەوی ئەو کولتورە  هەڵسەکەوت دەکات کە تێدا گوزەران دەکات. کاتێك چوونیەك کاری ئۆتۆماتیکی  پێشیلدەکرێت، سەقامگیری کولتور یان لەدەستدەچێت یان لەناودەچێت. هەڵکردن و جێگیربوون لەیەك جودانابنەوە و بەیەکەوە گرێدراون. هەڵنەکردن بەیەکەوە زەبرەی نەریت و خۆ تێکدەهارێت.

پشکنین و گەڕان بەدویی مەرجەکانی هەڵکردن و هەڵنەکردن بەیەکەوە ئێمەی بەمەگەیاندوە.

هەڵکردن لەگەڵ چالاکیەکانی زگماگیدا چەختی بونیادی ئۆڕگانیمانە، هەڵکردن لەگەڵ ئۆتۆماتیکیەتی کار نەریت بەڕێوەی دەبات. ساوا بەلاسیکردنەوە ئاخاوتن فێردەبێت. لەماوەی چەندساڵێکدا بەسەر بزوتنەوەکانی قورگ، زمان، مەڵاشوو و لێوەکاندا زاڵدەبێت و لەکۆتایدا زۆر بە خیرایی و رێکوپێکی بەکاریدەبات. گەر منداڵە بۆ ژینگەیەکی تر گوازرایەوە کە بەزمانێکی تر دەدوێن، پێش ئەوەی تەواو لەسەر

گۆکردنی زمانی یەکەم ڕاهاتبێت و کە تا ئەوەدەمە هەندێك داوای فێرە ئاخاوتنی مابێت، تا ئەوکاتەش هەر دەتوانێت بەرێکوپێکی و ئاسانی فێری زمانە تازەکە ببێت. بۆ پێگەیوێك کارێکی گرانە کە زمانێك بەزمانێکی تر بگۆڕێت. لەمندالیەوە ئۆتۆماتیکیەتی خو دادەمەزرێت و ئۆرگانەکانی دەربڕین و گۆکردن گەشەدەکەن و بەرۆژانەش ئەو ناچارە کە ئاخاوتن بکات. لەڕی لاسایوە هەندێك هێوەرکردنەوە روودەدات، بەلام دابرنی تەواو لە خو لەڕادەبەدەر گرانە، شەوانی دورە درێژی کارکردن دەبات و لەوانەشە لەهیچ بارێکیشدا بەتەواوەتی بەجێ نەگەیەندرێت. هەندێك جولانەوەی ناکاو کە نەویستانە وەك خو لە هەندێك مرۆڤدا دەردەکەون، پەیوەستە بە نەخۆشیەکانی کە توشی دەماخ دەبن.

خوە سەرەتایەکانیش هەروەها بەسەر جموجولاکانی لەشدا زالن. لەمندالیەوە مامەڵ لەگەڵ لەشماندا بکەین شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێت. هەر جموجۆلێکی لەش کە بە ئۆتۆماتیکی دەبن، زۆر ئاستەمە، گەر بێتو هەولدەین شێوازی کارەکانیان بگۆڕین، چوونکە ماسولکەکان بەگشتی سەقامگیرانە کاردەکەن. بۆ ئەوەی ڕۆیشتنمان بگۆڕین، یان شێوازی بەدەست نووسینمان بگۆرین، یان بزووتنەوەی دەموچاوکان لەکاتی وەلام بارێکی سوزیدا بگۆرین، ئەمانە هەمووی کاری گران دەوەیت و ئاستەمیشە کە جێی ڕەزامەندی تەواومانبن.

چ مامەڵەیەك لەگەڵ لەشدا راستە بەهەمان شێوەش لەگەڵ کارکردنی هوشیدا هەروەهایە. کاتێك کە ئێمە فێری جۆرێك لە پێناسەکردنی بیرکردنەوە دەبین، زۆر زۆر گران دەبێت کە ئەو کەو رێگایە بگۆرین و ڕێگەیەکی تر بگرینەبەر، بۆ یەکێ گەر لەمندالێەوە نەکرابێتە خو لای کە فێرە خۆگرتن بێت لەبەردەم باری سۆزیەکانی وەك گریان، پێکەنین، زۆر گرانە کە بۆ ئەو باری خۆگرتنانە راگوێزرێت یان تێدا شەتلکرێت. فیربوونە سەرتایەکان مندالێ دەبنە دۆگمای ژیانی گەورە بوون، دەبنە راستیەك کە قەد گومانیان لێناکات. لەمدوایانەدا، دەروون شیکەرەوەکان ⋆داندائەگرن لەسەر گرنگی مۆرکی مندالێ لەسەر گەورەبوون. لە پێنج سالێ یەکەمی گەشەی ژیاندا هەرچیەك رویدابێت، رێرەوی کاردانەوە تاك دادەرێژێت. خویەك کە لەو دەمەدا دامەزراوە، دەبێتە ئۆتۆماتیکی و بەرهەلستی هەموو گۆشارێکی گۆراندن دەکات.

گەر بێت و بوترێت خو بەتنها بەرپرسە لە کاردانەوەی فەردا، زۆر وتن دەبێت. بێگومان ڕێکخستنی لەشی لەکاردانەوەدا دەورێکی گرنگ دەگێرێت. دەوری لەش بە ئاشکرا لە تاکی کەم ئەقڵ یان زۆر بەهەرەداردا لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر بە روونی دەردەکەوێت. زۆربەی دانیشتوانی شێوەی کاری لەشیان لەیەکێکەوە بۆ یەکی تر زۆر دەگۆردرێت و لەوکاتەنەوەی کە شێوە و بەهرە لە ناو گروپدا دەردەکەوێت، بونیاد لەو بارەیەدا ناتوانێت کاریگەری بنچینەیی لەسەر گروپەکە دابنێت. جیاوازی دەبێت پەیوستبێت بە ئۆتۆماتیکیەتی نەریتەوە کە کولتور خوازیاریەتی و ئەمەش لەسەرچاوە هەرە گرنگەکانی پارێزیارییە.

⋆ مەکسیکی تازە یان نیو مەکسیك : ولایەتێکی لە ئەمەریکای سەرو.

⋆ ئۆتۆماتیك: مەبەست لەو بزوتنەوانەیە کە ئەرکی تایبەتیان ناوێت لەکاتی کاردندا.

⋆ئۆرگان: ئەندامەکانی لەش یان کۆمەڵ

⋆ دۆگما: هەر کۆمەڵە بروایەك کە لەسەر وشکە بیر دامەزرابێت و راستی خۆی وەك بیرێك فەرزکا بە دۆگما ناو دەبریت.

⋆ لێکۆڵەرەو ئاینیەکان: بزوتنەوەیەکی دیی دەمارگیر مەسیح بووە کە گارانەوە بۆ دۆگما ئایتیەکانیان بەسەرچاوەی پکردنەوەی مرۆڤ بوو لە رۆحی پیس لە ڕێگەی لێکوالینەوەی زۆر ملی و زۆرداریەوە سزای خەلکانی لە دین لادەریان دەدا.

⋆ دەروون شیکەرەوەکان: سایکۆ ئەنالیست، مەبەست لە لێکۆڵەرەوە دەرونیەکانە.

⋆ پارێزەری: کۆنسێرڤەیڤ گۆران نەخواز .

Email:sabah1054@yahoo.co.uk